Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# پەروەردە لە سەردەمی نوێ لە نێوان پێویستی و گەشەسەندندا (ئاڵنگارییەکان - چارەسەر) لە هەرێمی کوردستان

**د. رحمان رسول فتاح**
سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕی کارگێڕی

کانوونی یەکەم ٢٠٢٥

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# پەروەردە لە سەردەمی نوێ، لە نێوان پێویستی و گەشەسەندندا (ئاڵنگارییەکان – چارەسەر) لە هەرێمی کوردستان

## پوختە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕۆژی ٦/١١/٢٠٢٥دا، بەشی سێهەمی خولی دانیشتنەکانی پرۆژەی چاوی کراوەی ئەنجامدا، کە تایبەت بوو بە کەرتی پەروەردە ولە لایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە پارێزگای سلێمانی م. نەژاد عەبدوڵا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان وکەسانی ئەکادیمی وڕاگەیاندنەکان بەڕێوەچوو، لە دانیشتنەکەدا، م. نەژاد بەوردی تیشکی خستەسەر پەیکەر و بەش و پێکهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و ژمارەی مامۆستا و خوێندکار و قوتابخانەکان. پاشان باسی لە کێشە وگرفت ورێگرییەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە وبەڕێوبەرایەتییەکەیان کرد و پێشنیاز و چارەسەرەکانی خستەڕوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و لابردنی گرفتەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە.
ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە ناوی (چاوی کراوە) ولەپێناو ڕەخساندنی شەفافیەتی زیاتر، گفتوگۆیەکی تایبەت بە ڕیفۆرمی کەرتی پەروەردە و ڕێگەچارەی ستراتیجی کەرتی پەروەردە ئەنجامدرا. سێهەم خولی پرۆژەی چاوی کراوە، پەیوەست بە دیاریکردنی نەخشەڕێگای ڕێنموونیکردنی چارەسەری ئالەنگارییەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئایندەی نەوەی ئایندە لە هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی

پەروەردە بەردی بناغەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییە لە هەر نەتەوەیەکدا. لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی سەرجەم ئاستەکانی خوێندن دەکات، لە باخچەی ساوایانەوە تاقۆناغی ئامادەیی،ئامانجی سەرەکی وەزارەت بریتییە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی شارستانی و خاوەن بیری ئاست بەرز، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا بگێڕێت،لەم سەردەمە نوێیەدا کە بە گۆڕانی خێرا و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و زانستی تایبەتمەندە، سیستەمی پەروەردەی ئەمڕۆ، وەک پایەیەکی بنەڕەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، دەبێت خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا بگونجێنێت و وەڵامی پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتوو بداتەوە.هەرێمی کوردستان، وەک قەوارەیەکی تازەپێگەیشتو و گەشەسەندوو، لەم بوارەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دەرفەتی بەرچاو دەبێتەوە .پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: چۆن دەتوانین سیستەمێکی پەروەردەیی بنیات بنێین کە بەها کولتوورییە ڕەسەنەکانمان بپارێزێت لە هەمان کاتدا هاوسەنگ بین لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجییەکانی هاوچەرخ، بە تایبەت لە سەردەمی زیرەکی دەستکرد و پێویستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا؟ ئەم پۆڵسیە هەوڵ دەدات ئەم هاوسەنگییە چارەنووسازە شی بکاتەوە وڕێگایەکی گونجاو بۆ داهاتووی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان پێشنیاز بکات.

## ١.پێویستی و گەشەسەندن

لە هەرێمی کوردستاندا، جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان پێداویستییەکانی سەردەمی نوێ وئەو سیستەمە پەروەردەییەی ئێستا کاری پێدەکرێت. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی وەک سیستەمێکی باو و تەقلیدی وەسف دەکرێت، کە تێیدا تەلقین و لەبەرکردن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و هۆشیاریی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و توانای شیکارکردنی کێشەکانوەک پێویست نین. ئەمەش وادەکات خوێندکاران تەنها لە قوتابخانەدا مامەڵە لەگەڵ سیستەمەکەدا بکەن ودوای دەرچوون، زۆرجار زانیارییە فێربووەکان لەبیر بکەن، ئەم دۆخە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی سیستەمەکە بتوانێت نەوەیەک پێبگەیەنێت کە توانای داهێنان، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت.

**بۆیە پەروەردە پێویستییەکی گەورەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ژیان بە ئاسایی بڕوات وپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان ڕێک و پتەو بێت، لەم چەند لایەنەی لای خوارەوە پێداویستییەکانی پەروەردە دەخەینەڕو:**

**١.گەشەپێدانی تاکەکەسی:**

پەروەردە کاردەکات بۆ گەشەپێدانی مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانەوە بۆ ئەوەی ببێتە تاکێکی باش لە کۆمەڵگەکەیدا. لە ڕێگەی پەروەردەیەکی باشەوە، منداڵان بەها ئەخلاقییەکانی وەک ڕاستگۆیی، ڕێزگرتن، دادپەروەری، ئارامگرتن، و لێبوردەیی فێر دەبن. هەروەها، دایک و باوک منداڵان فێر دەکەن چۆن بە نەرمی و ڕێزەوە لەگەڵ کەسانی تر مامەڵە بکەن و چۆن کێشەکان بە شێوەیەکی بنیاتنەر چارەسەر بکەن.

**٢. گەشەپێدانی ئابووری:**

سیستەمی پەروەردە وفێرکردن بەردی بناغەی پێشکەوتنی وڵاتانە و گرنگییەکی زۆریان هەیە لەسەر گەشەکردنی لایەنی ئابووری. وڵاتان و تاکەکان سوودمەند دەبن لە پەروەردە.

**٣. گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەهێزکردنی بەها ئەخلاقییەکان وپێشخستنی هاووڵاتیبوونی بەرپرسیار. لە ڕێگەی بەرنامەکانی پەروەردەی ئەخلاقی و ڕێنماییە ئەخلاقییەکانەوە، خوێندکاران گرنگی دەستپاکی و بەزەیی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فێر دەبن.

**٤. بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست:**

کۆمەڵگەی تەندروست بەرهەمی پەروەردەی دروستە، ئەو کۆمەڵگایانەی دوورن لە توندڕەوی، کاری ناجۆر، جیاکاری ڕەگەزی، و توندوتیژی، ئەوا لە بنەڕەتدا تاکەکانی بە پەروەردەی دروستدا تێپەڕیون.

## ٢.تەکنەلۆجیای نوێ و فێرکردن

سەردەمی ئێستا بە خێرایی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای زانیاری وپەیوەندییەکان ناسراوە، بە تایبەت ژیریی دەستکرد (AI) کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر فێرکردن دەبێت. واتە خوێندن بەپێی توانای تاک و خێرایی فێربوونی هەر خوێندکارێک. هەروەها، دەتوانێت ئامراز و سەرچاوەی فێربوونی نوێ دابین بکات کە خوێندکاران زیاتر هان دەدەن بۆ بەشداریکردن و داهێنان. بەڵام تەنها بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بەس نییە؛ دەبێت پەروەردە جەخت لەسەر پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (CRITICAL THINKING)، شیکردنەوە، چارەسەرکردنی کێشە (PROBLEM-SOLVING)، وداهێنان بکاتەوە. ئەم توانایانە خوێندکاران ئامادە دەکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانێکی پڕ لە زانیاریی ناڕاست وڕاستی و، توانای جیاکردنەوەی دروست ونادروست و بەکارهێنانی زانیاری بە شێوەیەکی بەرهەمدار پێیان دەبەخشێت.

## ٣. ئاڵانگارییەکان

کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵانگاری گەورە دەبێتەوە کە ڕێگرن لە گەشەسەندنی وگەیشتنی بە ئاستێکی پێشکەوتوتر:

**١. ژێرخان وبینای قوتابخانەکان:**

یەکێک لە گەورەترین ئاڵانگارییەکان بریتییە لە کەمی وخراپی ژێرخانی پەروەردەیی و قەیرانی دارایی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کەرتی پەروەردە هەبووە و ڕێگری کردووە لە پەرەپێدانی ژێرخان، تائێستا بەشێکی باڵەخانەی ناوەندەکانی خوێندن سێ دەوامیە هەروەها بەشێکی زۆریان لەگێر مەترسی روخان و داڕماندان.

**ژمارەی قوتابیان بە پێی ڕەگەز و ساڵی خوێندن** 2024-2025

| # | پەروەردە | باخچە: کۆی گشتی | باخچە: کچان | باخچە: کوڕان | بنەڕەتی: کۆی گشتی | بنەڕەتی: کچان | بنەڕەتی: کوڕان | دواناوەندی: کۆی گشتی | دواناوەندی: کچان | دواناوەندی: کوڕان | ئامادەیی: کۆی گشتی | ئامادەیی: کچان | ئامادەیی: کوڕان | فێرکردنی خێرا: کۆی گشتی | فێرکردنی خێرا: کچان | فێرکردنی خێرا: کوڕان | پیشەیی: کۆی گشتی | پیشەیی: کچان | پیشەیی: کوڕان | کۆمەڵگە: کۆی گشتی | کۆمەڵگە: کچان | کۆمەڵگە: کوڕان | نەهێشتنی نەخوێندەواری: کۆی گشتی | نەهێشتنی نەخوێندەواری: کچان | نەهێشتنی نەخوێندەواری: کوڕان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ب.پ.ڕۆژئاوا | 6562 | 3302 | 3260 | 98554 | 48052 | 50502 | 2653 | 1910 | 743 | 25943 | 15602 | 10341 | 478 | 177 | 301 | 2601 | 1003 | 1598 | 616 | 271 | 345 | 0 | 0 | 0 | 137407 |
| 2 | ب.پ.ڕۆژهەڵات | 3801 | 1846 | 1955 | 68567 | 33480 | 35087 | 883 | 883 | 0 | 16314 | 9140 | 7174 | 35 | 13 | 22 | 134 | 0 | 134 | 0 | 0 | 0 | 87 | 42 | 45 | 89821 |
| 3 | ب.پ.چەمچەماڵ | 2178 | 1054 | 1124 | 39201 | 18614 | 20587 | 125 | 62 | 63 | 10319 | 5621 | 4698 | 84 | 11 | 73 | 347 | 138 | 209 | 0 | 0 | 0 | 161 | 0 | 161 | 52415 |
| 4 | ب.پ.سەیدسادق | 1035 | 527 | 508 | 16749 | 8304 | 8445 | 259 | 81 | 178 | 3627 | 2278 | 1349 | 32 | 10 | 22 | 81 | 22 | 59 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 21783 |
| 5 | ب.پ.دوکان | 769 | 407 | 362 | 13046 | 6430 | 6616 | 459 | 103 | 356 | 2768 | 1785 | 983 | 0 | 0 | 0 | 61 | 22 | 39 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 17103 |
| 6 | ب.پ.دەربەندیخان | 903 | 472 | 431 | 9407 | 4545 | 4862 | 177 | 177 | 0 | 2563 | 1449 | 1114 | 76 | 4 | 72 | 124 | 37 | 87 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 13250 |
| 7 | ب.پ.شارباژێر | 300 | 145 | 155 | 3972 | 1891 | 2081 | 172 | 58 | 114 | 914 | 533 | 381 | 0 | 0 | 0 | 56 | 17 | 39 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 5414 |
| 8 | ب.پ.شارەزوور | 863 | 441 | 422 | 13269 | 6489 | 6780 | 0 | 0 | 0 | 3268 | 1759 | 1509 | 155 | 60 | 95 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 17555 |
| 9 | ب.پ.پێنجوێن | 393 | 191 | 202 | 7681 | 3548 | 4133 | 877 | 618 | 259 | 1199 | 660 | 539 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 53 | 26 | 27 | 10203 |
| 10 | ب.پ.قەرەداغ | 81 | 46 | 35 | 1173 | 555 | 618 | 72 | 36 | 36 | 292 | 160 | 132 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1618 |
|  | کۆی گشتی : | 16885 | 8431 | 8454 | 271619 | 131908 | 139711 | 5677 | 3928 | 1749 | 67207 | 38987 | 28220 | 860 | 275 | 585 | 3404 | 1239 | 2165 | 616 | 271 | 345 | 301 | 68 | 233 | 366569 |

**خشتەی ژمارە ١: ژمارەی قوتابیانی پەروەردەی گشتی سلێمانی**

ا.ئەو قوتابخانە و باخچەو بینا پەروەردەییانەی کە مەترسیان لەسەرە دیاری کراون و لە لایەن هۆبەی بیناسازی پەروەردەکانەوە نێردوانەتەوە، ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی وەزارەت کراون.

ب.ئەم لیستە بەردەوام و بە شێوەی دەوری نوێدەکرێتەوە و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە هەڵسەنگاندیان بۆ دەکرێت، لە ئێستادا نزیکەی ١٠٥ بینا دیاری کراون بەهاکەیان نزیکەیی ٣ ملیار دینارە.

ت.کەمبونەوەی کار وچالاکی ڕێکخراوە نێوخۆیی وبیانیەکان لە بواری پەروەردەدا، ئەمەش بوەتە هۆکاری سست بونی یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم بەشە

| پۆلێن : | | لیستی قوتابخانەکان بە پێی ژمارەی دەوام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی گشتی | پەروەردە | ژمارەی دەوامەکان | | | تۆمار نەکراو | کۆی گشتی |
| | | یەک دەوام | دوو دەوام | سێ دەوام | تۆمار نەکراو | |
| ب.گ.پ.سلێمانی | ب.پ.رۆژئاوا | 252 | 134 | 7 | 1 | 394 |
| | ب.پ.رۆژهەڵات | 143 | 98 | 3 | | 244 |
| | ب.پ.چەمچەماڵ | 135 | 57 | 6 | 1 | 199 |
| | ب.پ.سەیدسادق | 62 | 24 | 2 | 2 | 90 |
| | ب.پ.دوکان | 103 | 18 | | 2 | 123 |
| | ب.پ.دەربەندیخان | 56 | 14 | 3 | | 73 |
| | ب.پ.شارباژێر | 92 | 10 | | | 102 |
| | ب.پ.شارەزوور | 49 | 23 | | | 72 |
| | ب.پ.پێنجوێن | 71 | 10 | 1 | 3 | 85 |
| | ب.پ.قەرەداغ | 36 | 1 | | | 37 |
| | کۆی گشتی | 999 | 389 | 22 | 9 | 1419 |
| کۆی گشتی | | 999 | 389 | 22 | 9 | 1419 |

**خشتەی ژمارە ٢: ژمارەی قوتابخانەکان بە پێی قوتابیانی پەروەردەی گشتی سلێمانی**

### ٢. پرۆگرامی خوێندن:

پێویستە پرۆگرامەکان بەپێی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نوێ وڕوانگەیەکی ڕوون بۆ پەرەپێدانی وڵات دابڕێژرێنەوە، ساڵانە گۆڕانکاری ئەکرێت لە پرۆگرامەکانی خوێندن بەڵام ڕیشەیی نیە لەبەشێکی بابەتەکان تەنها دەستەواژەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت.

### ٣. ڕاهێنانی مامۆستایان وگەشەپێدانی پیشەیی:

مامۆستایان پێویستیان بە ڕاهێنانی بەردەوام وگەشەپێدانی پیشەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمدا بڕۆن ومیتۆدە نوێیەکانی فێرکردن پەیڕەو بکەن. هەروەها پێویستە ژینگەیەکی سەلامەت بۆ مامۆستایان فەراهەم بکرێت تا بتوانن بەبێ ترس لە تۆڵەسەندنەوە ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو جێبەجێ بکەن.

شێوازی ئێستای ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر میتۆدە دیداکتیکییەکان زیاتر پڕاکتیکی، بەردەوام، تەکنەلۆجیا-ناوەند، و خوێندکار-ناوەندە. ئامانج لێی ئەوەیە کە مامۆستایان توانایەکی باشتر وفرەلایەنەیان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی سەردەم و ئامادەکردنی نەوەیەکی کارا.

ڕاهێنانی مامۆستایان یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی پێشخستنی کەرتی پەروەردە، لە جیهانی ئەمڕۆدا، شێوازە تەقلیدییەکان بە تەنیا بەس نین بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتەکانی پۆلی سەردەم. لێرەدا هەندێک لە ڕێگا مۆدێرنەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان دەخەینەڕوو ڕێبازە سەرەکییە مۆدێرنەکان لە ڕاهێنانی مامۆستایاندا:

١.فێربوونی پرۆژە-بنەما (Project-Based Learning - PBL).
٢.پۆلی هەڵگەڕاوە (Flipped Classroom).
٣. یاریکردن وخاڵبەندی (Gamification) .

**سوودەکانی ئەم ڕێبازە مۆدێرنانە زیادکردنی کارایی وپەرەپێدانی توانای سەردەم و فێربوونی بەردەوام زیادکردنیمتمانە بەخۆبوون لای مامۆستایان.**

**٤. قۆرخکاری و گەندەڵی:**
سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قۆرخکاری دەبێتەوە، کە تێیدا چەند تاک و دامەزراوەیەک ناوەندە پەروەردەییەکانیان قۆرخ کردووە،ئەمەش بەهۆی کاریگەری سیاسی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، و گەندەڵی دارایی و ئیدارییەوەیە، کە دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی ئەکادیمییە خاوەن بڕوانامە بەرزەکان و لاوازبوونی سیستەمەکە و هەستکردن بەجیاکاری لەنێوان تاکەکاند،هەرچەندە کێشەی قۆرخکاری و گەندەڵی زۆر گەورەن و پێویستە لە ئاستی باڵاترەوە و بە شێوەیەکی سیستەمی چارەسەر بکرێن، بەڵام کاری بەردەوامی مامۆستایان و قوتابخانەکان لەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی پەروەردە، وەک بناغەیەکی پتەو دەتوانێت داهاتوویەکی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکات و هەمیشە تیشک بخاتە سەر گرنگیی ڕاستگۆیی و دادپەروەری. شێوازێکی تری قۆرخکاری ڕادەست نەکردنەوەی بەشێک لەوبینایانەی کە پێشتر موڵکی پەروەردەبون ولەلایەن لایەنەسیاسیەکانەوە بەکاردەهێنرێن.

## ٤. بەربەستەکانی بەردەم پلاندانانی پەروەدەیی

١.کەمبونەوەی چالاکی ڕێکخراوەکان
٢. دەوام نەکردنی فەرمانبەران وەک پێویست بەهۆی قەیرانی داراییەوە بووەتە هۆی جێبەجێ نەکردنی پلانەکان وەک خۆی.
٣. نەبونی (BACKUP) ی ساڵانە لە سیستمی (E-PARWARDA) کە زۆربەی کات داتاکانی تەنها ساڵێکی تێدایە و وەزارەتیش لەو بارەیەوە هاوکارنیە.
٤. نەبونی فەرمانبەری پێویستی شارەزا بۆ بەدواداچونی کێشەکانی پەروەردە.
٥. بەهۆی قەیرانی دارایی یەوە لە ساڵی ٢٠١٤ وەک پێویست پێداویستی خوێندنگەکان دابین نەکراوە لەبەر ئەوە بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕیەکان پێویستمان بەم کە ل و پەلانە هەیە.

لیستی ئەو قوتابخانە و باخچەو بینا پەروەردەییانەی کە مەترسیان لەسەرە دیاری کراون و لە لایەن هۆبەی بیناسازی پەروەردەکانەوە نێردوانەتەوە، ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی وەزارەت کراون،ئەم لیستە بەردەوام و بە شێوەی دەوری نوێدەکرێتەوە و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە هەڵسەنگاندیان بۆ دەکرێت، لە ئێستادا نزیکەی ١٠٥ بینا دیاری کراون بەهاکەیان نزیکەیی ٣ ملیار دینارە. کەمبونەوەی کار وچالاکی ڕێکخراوە نێوخۆیی وبیانیەکان لە بواری پەروەردەدا، ئەمەش بوەتە هۆکاری سست بونی یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم بەشە.

## ٥. چارەسەرەکان

**بۆ تێپەڕاندنی ئاڵانگارییەکان و گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، پێویستە چەندین هەنگاوی ستراتیجی بگیرێتەبەر:**

**١. گرنگیدان بە ژێرخان:**

دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوە ودروستکردنی قوتابخانەی نوێ و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، بەشێکی زۆری باڵەخانەی ناوەندکانی خوێندن پوێستان بەنۆژەنکردنەوەوفراوانکردن هەیەولەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی قوتابیان پێویستە باڵەخانەی زیاتر دروست بکرێن، ئەمەش پیویستی بە بودجەی تەرخانکراوهەیە، لەئێستادا حکومەت زیاتر لەرێگای خێرخوازان وبەڵێندەران وکەسایەتیە بازرگانەکانەوە بودجە دابین دەکات وەک بەدیلێک بۆ ئاوەدانکردنەوەودەوسکردنی بینای ناوەندەکانی خوێندن.

**٢. نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن:**

لە جیهانێکی گۆڕاودا، کوردستان پێویستی بە مۆدێلێکی خوێندنە کە قوتابی ئامادە بکات بۆ بازاڕی کاری داهاتوو، نەک تەنها بۆ تاقیکردنەوەکان، پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بە پرۆگرامەکانی خوێندن ودوورخستنەوەیان لە کاریگەرییە کۆنەکان، لەگەڵ دابینکردنی پڕۆگرامێک کە لەسەر بنەمای فیکری و ڕوانگەیەکی ڕوون بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خوێندکاران داڕێژرابێت. وەزارەتی پەروەردە بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و هۆیەکان و چاپەمەنییەکانی هەیە کە کار لەسەر ئەم بوارە دەکات،بەڵام پێویستی بەوەیە داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بنەمای تێروانینی دیدی فەلسەفی بن واتە بۆهەربابەتێک تیۆری فەلسەفی تایبەت بەخۆی ڕەچاوبکرێت نەک تەنها پشت ببەسترێت بە وەرگێڕانی پرۆگرامەکانی خوێندنی وڵاتێکی ترچونکە لەم حاڵەتەدا ڕوبەڕوی ڕەخنەوناڕەزایەتی دەبێتەوە.

لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو ژیریی دەستکرد (AI) ناسراوە، ئێمە پێویستمان بە سیستەمێکە کە لەبەرکردن بگۆڕێت بۆ بیرکردنەوە چونکە سیستەمی پەروەردەیی نەریتی چیتر ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی بازاڕی کار وژیانی مۆدێرن بێت. پڕۆگرامی خوێندنی نموونەیی بۆ ئەم سەردەمە دەبێت کارامەیی-تەوەر (SKILL-BASED) بێت نەک زانیاری-تەوەر (CONTENT-BASED).

**ئەمەش نەخشەڕێگایەکە بۆ ئەو جۆرە پڕۆگرامەی کە ئێمە لە کوردستان پێویستمانە:**

ا. گۆڕینی فەلسەفەی لەبەرکردن بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنان، لە ڕابردوودا، بەهۆی کەمیی سەرچاوە قوتابی دەبوایە زانیاری لەبەر بکات. ئێستا زانیاری لە هەموو شوێنێک دەست دەکەوێت پڕۆگرامی خوێندن دەبێت فێری قوتابی بکات چۆن ئەو زانیارییانە شی بکاتەوە وڕاست وهەڵەیان لێک جیابکاتەوە (CRITICAL THINKING)، و چۆن لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەکاریان بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ب. تێکەڵکردنی ژیریی دەستکرد (AI) وەک هاوبەشێکی فێربوونپڕۆگرامی خوێندن نابێت لە تەکنەلۆجیا بترسێت یان قەدەغەی بکات، بەڵکو دەبێت فێرخواز فێر بکات چۆن چۆن لەگەڵ ژیریی دەستکرد گفتوگۆ بکات بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باشتر. گرنگی بدات بە ئێتیکی تەکنەلۆجیا واتە چۆن ئەم ئامێرانە بە شێوەیەکی ئەخلاقی بەکاربهێنرێن.

ت. پەرەپێدانی کارامەییەکانی نەرم لەکاتێکدا ڕۆبۆتەکان دەتوانن کارە تەکنیکییەکان وهەژمارکارییەکان ئەنجام بدەن، ئەوەی مرۆڤ جیادەکاتەوە بریتییە لە زیرەکی سۆزداری توانای تێگەیشتن لە هەستی خۆت و بەرامبەر کارکردنی بە کۆمەڵ پرۆگرامەکان دەبێت لەسەر بنەمای پڕۆژە بن نەک تاقیکردنەوەی تاکەکەسی، بۆ ئەوەی قوتابیان فێری هاوکاری بن.

**٣. گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان:**

دانانی پرۆگرامی ڕاهێنانی بەردەوام وپێشکەوتوو بۆ مامۆستایان لەسەر میتۆدە نوێیەکانی فێرکردن وتەکنەلۆجیای پەروەردەیی و پاراستنی ماف و کەرامەتی مامۆستایان و دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کارکردنیان وگەڕانەوەی ئینتما بۆ خۆشەویستنی پیشەی مامۆستایی بۆ ئەم مەبەستەهەندێک ڕاهێنانی پیشەیی و ئەکادیمیای ڕاهێنانی ڕاهێنەران لە هەرێمدا هەن.

**٤. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە فێرکردندا:**

پەرەپێدانی فێربوونی ئەلیکترۆنی وبەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی پەروەردەیی وئاسانکاری دەستڕاگەیشتن بە زانیاری. وەزارەتی پەروەردە چەندین پڕۆژەی دیجیتاڵی هەیە، وەک ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ فێربوونی دیجیتاڵی، E.PARWARDA، و ئەپڵیکەیشنی هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی.

**٥. شەفافیەت وبنبڕکردنی گەندەڵی:**

جێبەجێکردنی میکانیزمی شەفافیەت لە دامەزراندن وبەڕێوەبردنی کەرتی پەروەردەدا، لەگەڵ بنبڕکردنی قۆرخکاری و گەندەڵی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسانی لێهاتوو و شایستە لە پۆستە پەروەردەییەکاندا دادەمەزرێن.

**٦. داهێنان لە چوارچێوەی کلتووردا:**

هاندانی قوتابیان بۆ داهێنان وچارەسەرکردنی کێشە، بەڵام بە توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە، چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی نوێ، و پەرەپێدانی بیرۆکەی تازە، لێهاتوویی بنەڕەتین بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی لە بازاڕی کاری داهاتوودا سەرکەوتوو بن و ببنە هاوڵاتییەکی بەرهەمدار. سیستەمی پەروەردەیی دەبێت ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێت کە قوتابیان هان بدات بۆ تاقیکردنەوە، پرسیارکردن، و پەرەپێدانی توانای داهێنانیان،فینلەندا بە یەکێک لە پێشەنگەکانی جیهان دادەنرێت لە بواری پەروەردەدا، بەتایبەتی لە پەرەپێدانی داهێنان و بیرکردنەوەی قوتابیان. سەرکەوتنی فینلەندا لە چەند بنەمایەکی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەتوانرێت سودیان لێوەرگیرێت وەک:

ا. فێرکردنی پڕۆژە-بنەما :(PROJECT-BASED LEARNING - PBL) سیستەمی پەروەردەی فینلەندا زۆر جەخت لەسەر فێرکردنی پڕۆژە-بنەما دەکاتەوە، کە قوتابیان لە ڕێگەی کارکردن لەسەر پڕۆژەی ڕاستەقینەوە فێر دەبن کە پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەیە.

ب.سەربەخۆیی مامۆستا :(TEACHER AUTONOMY) مامۆستایانی فینلەندا ئاستێکی بەرزی سەربەخۆییان هەیە لە داڕشتنی وانەکان وشێوازەکانی فێرکردن، لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندنی حکومی. ئەم سەربەخۆییە ڕێگە بە مامۆستایان دەدات کە شێوازەکانی فێرکردن بەگوێرەی پێداویستی وحەزی قوتابیانیان بگونجێن.

ت.ژینگەی فێرکردنی پشتگیریکەر: فینلەندا جەخت لەسەر ژینگەیەکی فێرکردن دەکاتەوە کە کەمترین فشار و تاقیکردنەوەی ستانداردی تێدایە، ئەمەش ڕێگە بە قوتابیان دەدات کە لە ترسی شکست بێ باک بن و زیاتر تاقیبکەنەوە و داهێنان بکەن.

ج. پەرەپێدانی بەردەوامی پرۆگرامی خوێندن: پرۆگرامی خوێندنی فینلەندا بەردەوام نوێ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی جیهانی مۆدێرن بگونجێت. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٦دا، پرۆگرامێکی خوێندنی نوێ جەختی لەسەر لێهاتووییەکانی وەک بیرکردنەوەی فرەوانەیی و توانای کارکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێ کردەوە.

**ستراتیجیی پێشنیازکراو:**
پەرەپێدانی ستراتیجییەتێکی هەمەلایەنە کە هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی وتایبەت سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ و بیناسازیی خێرا لە دروستکردندا وبەکارهێنانی سەرچاوەمادی و مرۆییەکان دەگرێتەوە. ئامانج لێی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینا پەروەردەییەکانە بە شێوەیەکی کارا و بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، دابینکردنی ژینگەیەکی خوێندنی پێشکەوتوو و دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنی یەکسان بۆ خوێندن بۆ هەموو منداڵان.

باشتربوونی کوالیتی خوێندن و زیادبوونی دەرفەتەکانی فێربوون بۆ هەموو قوتابیان بە دابینکردنی بینای گونجاو و ژینگەیەکی خوێندنی مۆدێرن. کەمکردنەوەی قەرەباڵغی پۆلەکان و نەهێشتنی سیستەمی دوو دەوام. هەروەها، دابینکردنی هەلی کار لە کەرتی بیناسازیدا وبووژاندنەوەی ئابووری ناوخۆیی، لەگەڵ بەهێزکردنی متمانەی خەڵک بە سیستەمی پەروەردەیی حکومەت وگەڕاندنەوەی ئینتمای نیشتمانی بۆسەرجەم کەسەکانی ناودامەزراوەپەروەردەییەکان.

## ٦. دەرئەنجام

پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاردایە و پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامدەری پێداویستییەکانی سەردەمی نوێ بێت پێویستە هاوسەنگی نێوان دوو جەمسەری گرنگ بپارێزێت ئەوانیش پێویستیی وەرگرتنی پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان و پاراستنی ناسنامەی کلتووریە،گەیشتن بە هاوسەنگی نێوان ئەم دوو لایەنە کلیلی سەرکەوتنە، لەکاتێکدا هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە بەردەوامن، وەک دانانی بەردی بناغەی قوتابخانەی نوێ و کردنەوەی قوتابخانە، بەڵام ئالانگارییەکان وەک کەمی ژێرخان، کۆنی پرۆگرامەکان، پێویستی بە ڕاهێنانی مامۆستایان و بوونی قۆرخکاری، هێشتا بەربەستن. جێبەجێکردنی چارەسەرە پێشنیارکراوەکان، بەتایبەتی وەبەرهێنان لە ژێرخان، نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان، گەشەپێدانی مامۆستایان، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و شەفافیەت، دەتوانێت هەرێمی کوردستان بەرەو سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن و کاریگەر ببات کە نەوەیەکی بەتوانا و داهێنەر پێبگەیەنێت.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq